
شیعر



هێمن عەلی


# گوێم لە دەنگی پێی گوڵێکە



گوێم لە دەنگی پێی گوڵێکە
وەک بڵێی لە ئایندەوە هاتبێ
روحی شەکەتم ئاو ئەدات
لە نێوان چرکە بریندارەکانی زەمەن و
کاتە تێپەڕبووەکاندا...
لە نێوان قوڵایی خەم و
ئێوارە زۆر بێدارەکانی ژیاندا
لە نێو سۆزی شەوەزەنگ و
سەفەرێکی
سوور و سەختی بەربەیاندا...

گوێم لە دەنگی پێی گوڵێکە
روحی شەکەتم ئاو دەدات..
گوێم لە هەناسەی بایەکە.. لەگەڵ خۆیدا

دەنگی گریانی
باڵندە خێر لەخۆ نەدیوەکانی بەرپێی
شەقامە شێواوەکان و
تیشکی زامداری بەیان و
ئاونگی لە تەم جێماوی
سەر درەختە خەوتووەکان و
نارەزایی روحی ماندووی
گەڵا وشک و مردووەکانم
بۆ دەهێنێ.



گوێم لە دەنگی پێی گوڵێکە
وەک بڵێی لە ئایندەوە هاتبێ
روحی شەکەتم ئاو دەدات...
چ رێککەوتێکە هاورێم.
لە تەنیاییدا خەو بردمیەوە
ئازارەکانی شەوی تەنیایی سەختن...

زۆر ئەسەفە هەموو تەمەنم
لە تەنیاییدا بەسەر برد..
بەڵام سێبەرەکانی تەنیایی
جوانترین ئارامی و
گەورەترین ئازادیمان پێ دەبەخشن

ئەگەر هەوری سوور نەبوایە مانگم دەکرد
بە چاکترین هاورێی شەوە ماندووەکانم.
ئەو کاتانەی گەڵا دەمرێت درەختەکان

تا ماوەیەک توورە دیارن

لە ئێوارەیەکی تووش و لە نێو گێژاوی گوماندا
بۆ سەربووردەی گەڵایەک
گریان چاوی لێم ون ئەکا و
غرورێکی عاشقانە
بەری هەموو دەرگاکانی پێکەنینم لێ دەگرێت.

چ رێککەوتێکە هاورێم
لە تەنیاییدا خەو بردمیەوە
ئازارەکانی شەوی تەنیایی سەختن...
زۆر ئەسەفە
هەموو ژیانم لە تەنیاییدا بەسەر برد...
بەسەر برد...
بەسەر برد...

